# سواره‌ی حه‌میدی؟ نا  نا، سواره‌ی ئۆردوگانی!

**حه‌كیم كاكه‌وه‌یس**

نیشتمان شیرین بوو، به‌ڵام لێیان تاڵ كردین. نیشتمانێك تیایدا دز فه‌رمانڕه‌وا بێ و خائین و كۆنه‌ موسته‌شار باڵاده‌ست بن و بازرگانی بێ ویژدان به‌ڕێوه‌ی ببا و پڕی بكا له‌ ده‌رمان و كه‌ره‌سه‌ی پاشه‌ڕۆ و ئێكسپایه‌ر و گڵۆپی چوار سه‌عاتی، هه‌ر بۆ ئه‌وه‌ باش نییه‌ تورك بیخوا؟ كوردستانێك به‌ ده‌ستی كورد ته‌عریب بكرێ و پڕ بكرێ له‌ كوردكوژ و به‌عسی، ماڵی ئه‌وه‌ نییه‌ بۆ تورك بكرێته‌ دیاری؟ كوردستانێك، به‌رپرسه‌كانی بێ ترس و بێ منه‌ت به‌رگریی له‌ ئه‌نفالچی و فایلدار و خۆفرۆشان بكه‌ن، بۆ ئه‌وه‌ ده‌شێ ئومێدی سه‌رفرازیت پێی هه‌بێ و نیازت بێ نه‌وه‌كانت تێیدا بحه‌سێنه‌وه‌؟ وڵاتێك، ڕێ به‌ تورك و به‌عسی و جاش و جاسووس و فه‌یله‌سووف و كۆمۆئیسلام و ئیسلام – ئینته‌رناسیۆنالیزم و ته‌یروتواڵی دنیا بدا تیایدا باره‌گایان هه‌بێ و زمانحاڵ و ده‌نگ و ڕه‌نگ و سه‌رمایه‌ و بڕیار و نوێنه‌ریان هه‌بێ، به‌ڵام ئه‌وه‌ی ڕابردووی پاك بێ و نه‌ته‌وه‌ییانه‌ بیر بكاته‌وه‌ بۆی نه‌بێ زمانی هه‌بێ و هه‌موو ده‌رگایه‌كی له‌ ڕوودا داخرابێ، چاوه‌ڕوانی ئه‌نجامه‌كه‌ی تایتانیك نه‌بێ، چاوه‌ڕوانی چی لێ ده‌كرێ؟! كورد ئه‌وه‌نده‌ بێ نموود بێ عاره‌ب، دوای ئه‌وه‌ی ئه‌نفالیشیان كردین به‌ دوو پێناسه‌ی زه‌رد و سه‌وزه‌وه‌، زات بكه‌ن وێنه‌ی سه‌ددامی كوردكوژی ڕووخاو له‌ كوردستاندا به‌رز بكه‌نه‌وه‌ و عه‌له‌می عیراق ڕاوه‌شێنن و له‌ چێشتخانه‌ و باخچه‌ و سه‌یرانگاكاندا ئاوازی عاره‌بییان بۆ لێ بدرێ و كه‌س نه‌بێ پێیان بڵێ وه‌ل بن و بچنه‌وه‌ كاولی خۆتان، چۆن ته‌نانه‌ت ڕێویش زه‌فه‌ری پێ نابا؟ وڵاتێك به‌رپرس تێیدا سووكایه‌تی به‌ به‌ها نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی كورد بكا، به‌ چ هه‌ڵدێرێك ده‌گا؟ شۆڕش كه‌ كرایه‌ كۆمپانیایه‌كی بازرگانی هاوپشك ئه‌نجامی هه‌ر ئه‌وه‌ نابێ به‌ فه‌رمانێكی تورك داغان بێ؟ ئێوه‌ عیراق بنیات ده‌نێنه‌وه‌ كه‌چی عاره‌بی عیراق ده‌ڵێن: كورد تا سه‌غڵه‌ت نه‌بن ناڵێن ئێمه‌ عیراقین! ئێوه‌ بابه‌ڕۆ بۆ یه‌كپارچه‌یی عیراق ده‌كه‌ن و عاره‌ب بانگی تورك ده‌كا تا وڵاتمان لێ وێران بكه‌ن! ده‌ بكشێنه‌وه‌ له‌ به‌غدا با به‌غداش بۆ خۆی بسووتێ! ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌نده‌ دڵسۆزی نه‌یاری كورد بین، تورك له‌ چیمان بسه‌ڵه‌مێته‌وه‌؟ ئه‌گه‌ر خه‌می كه‌سوكاری ئه‌نفالكراومان نییه‌، با هیچ نه‌بێ خه‌می خۆمان بۆ ئه‌نفالچیش ده‌رنه‌بڕین! ئه‌وه‌نده‌ی به‌رگریی له‌ هاشم سوڵتان ده‌كه‌ین، نیوه‌ی ئه‌وه‌ به‌رگری له‌ كه‌سوكاری ئه‌نفال بكه‌ین، منداڵێكیان برسی نابێ. كێ به‌رانبه‌ر تورك به‌رگری بكا؟ ئه‌و كۆنه‌ پێشمه‌رگانه‌ی كه‌ ئه‌وه‌نده‌ تێرن، ده‌ڵێی ماریكن و به‌رخیان قووت داوه‌ و ناتوانن له‌ جێی خۆیان وه‌رسووڕێن، یا ئه‌وانه‌ی باوك و ڕۆڵه‌یان كوژراون و نانی ده‌می منداڵیان دزراوه‌ یا ئه‌نفالچی و موخابه‌راته‌كانی دوێنێ و ڕێشانده‌ری ئه‌مڕۆ؟ تۆ بڵێی ئه‌و مارانه‌ی كه‌ به‌رخیان قووت داوه‌ لای توركیان بۆ خۆیان مسۆگه‌ر نه‌كردبێ! توخوا ئه‌وه‌ش بوو به‌ په‌سیار؟ به‌رپرسانی كورد كه‌سیان به‌ ده‌وری خۆیانه‌وه‌ نه‌هێشت نوكته‌باز و شه‌وگارسازه‌كان نه‌بێ! كه‌سیان نه‌هێشت به‌رگری له‌ كوردستان بكا! كوردی دڵشكاو و ڕه‌نج به‌ خه‌سار و منداڵی شه‌هید، مه‌گه‌ر له‌ دووره‌وه‌ ته‌ماشای چه‌رخوفه‌له‌كی به‌چكه‌ لێپرسراوه‌كان بكه‌ن و هه‌ناسه‌ بۆ خوێنی باوكیان هه‌ڵكێشن. ئه‌وانه‌ به‌رگری بكه‌ن؟ خۆراكیان جیاواز و ماڵیان جیاواز و قوتابخانه‌یان جیاواز و مامۆستایان جیاواز و ڕێڕه‌وی ژیانیان جیاواز و پاشه‌ڕۆژیشیان جیاوازه‌! منداڵی هه‌ژار، هه‌ر ده‌بێ چاودێری به‌ر ده‌رگای لێپرسراوان و خزمه‌تچی خێزانه‌كانیان بن. له‌ پێناوی ئه‌و لێپراسراوانه‌دا به‌رگری له‌ كوردستان بكه‌ن، یا منداڵه‌ نازداره‌كانیان؟ لیپرسراوان بازرگانی ده‌كه‌ن و ده‌رمانی ئێكسپایه‌ر به‌ هه‌ژاران ده‌ده‌ن و كه‌ره‌سه‌ی به‌رگریش هه‌ر ئه‌و هه‌ژارانه‌ن كه‌ له‌ ڕێی ده‌رمان و خۆراكی پیس و كه‌ره‌سه‌ی ژه‌هراوییه‌وه‌ دوایان ده‌برێته‌وه‌!. ئه‌مه‌ خۆی له‌ خۆیدا كوشتنی به‌رگری نییه‌؟ كاره‌سات ئه‌وه‌یه‌ كه‌ بازرگان هه‌ر خۆیانن و ده‌سه‌ڵات هه‌ر خۆیانن و تێره‌خۆره‌ هه‌ر خۆیانن و كه‌ره‌سه‌ی ڕیكلام و ڕاگه‌یاندنیش هه‌ر هی خۆیانه‌ و له‌و كاته‌دا كه‌ تورك هه‌ڕه‌شه‌ ده‌كا، ئه‌وان ڕیكلامی درۆی زل بۆ كه‌ره‌سه‌ی سه‌قه‌ت و خۆراكی ژه‌هراوی توركی ده‌كه‌ن.. ده‌با توركه‌كان ئه‌و دزستان و فایلستان و خیانه‌تستانه‌ بۆ خۆیان ببه‌ن و ئه‌وولاتر! بزانه‌ كه‌سێكی وه‌ك منیان چۆن شێواندووه‌ كه‌ نه‌ به‌عس و نه‌ هیچ هێزێكی دنیا، نه‌یتوانیوه‌ بمشێوێنێ و هه‌موو به‌رژه‌وه‌ندییه‌كی ژیانیشم

کردۆتە قوربانی یەک هەڵوێستی کوردانەی خۆم!
پێشمەرگە قارەمان بوو، خەساندیان. کورد نەتەوەپەروەر بوو، مراندیان. شەهید سەروەر بوو، پیسیان کرد. دەربڕینی بچووکترین و کەمترین ناڕەزایی خیانەتە! ڕۆژنامەوانان دارکاری دەکرێن و نووسەرانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات برسی و بێ کار دەکرێن. تۆ کە بە بەر چاوی پێشمەرگەوە هاشم سوڵتانی ئەنفالچی بە خەباتگێڕ ناو دەبەی، کاری پێشمەرگایەتی ڕیسوا دەکەی و شەهیدبوون دەکەیتە مردن لە سەر جەردەیی. کە کورسی پەرلەمان و حکوومەت بە پیاوانی موخابەرات دەدەی کارێک دەکەی، خەڵکی بێ غەلوغەش نەفرەت لەو ڕۆژە بکەن کە تیایدا بۆ کوردستان ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە. ئەگەر ئێستا پێشمەرگە بەرگری بکا، سبەینێ ڕیسوای ناکەی؟ چۆن دڵنیا بین؟ ئەوانەی لە شەڕی ناوخۆتاندا و لە پێناوی کینە و ڕقی خۆتان شەهید بوون، کێ لە ڕوی دێ باسیان بکا و کێ ناویان دەبا؟! ئاخر دوێنێ پێشمەرگە هاوسەنگەری تورک بوو، ئێستا چۆن دەیخەیتە سەنگەری بارانبەری تورکەوە؟ پێوەر کامەیە و هەڵوێستی ڕاست کامەیە و کوردایەتی و دڵسۆزی کامانەن؟! ئەدی ئاوی حەیات و یۆگورت و قەنەفە و مێز و موزیکی تورکی و ئەخلاقی تورکی و کۆمپانیای تورکی و هەزاران شتی تری تورکی، کە کوردستانیان پڕ کردووە، چۆن گسک دەدەی؟ نموونەی وا لە جیهاندا، نە بووە و نە دەبێ بۆیە کورد ناتوانێ بە هیچ ئامانجێک بگا و لێی ناوەشێتەوە بەرانبەر تورک بەرگری بکا! تۆ بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆت بە پێشکەوتنی بەرژەوەندی دوژمنی خۆتەوە گرێ بدەی، بە چی دەبیت و نیازت وایە بە کوێ بگەیت؟! ئاخر وڵات بڕا کۆمپانیاکانی بهێنیتە کوردستان تورکیا نەبێ؟! لە بیرتانە تورکیا بۆ گرتنی ئۆج ئالان چۆن ڕیکلامی دژی ئیتالیا دەکرد؟! خوێنی بە سەر سپاگێتی (ماکەرۆنی) ئیتالیدا دادەچۆڕاند و شاپێکی لە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئیتالیا هەڵدا، هەر لە بەر ئەوەی ئۆج ئالان لە لای ئیتالیەکان بوو... بازرگانەکانی تورکیا، کەرەسەی ئیتالییان تووڕدایە سەر شەقامەکان. تورک ئاوها بە ئەمانجی خۆی گەیشت. تورک دەزانن دوژمنایەتی بکەن بۆیە حسێبیان بۆ دەکرێ. ئێمە، دۆستی دڵسۆزی بکوژی خۆمان و دوژمنی نەتەوەکەی خۆمان و دڵسۆزانی گەلەکەمانین... هەر لە زەمانی شاخەوە بۆگەنمان کردووە نەک ئێستا. ئەدی ئەو هەموو فایلە و نەوێران بە پیاوەکانی بەعس بەڵگەی بۆگەنکردنی زەمانی شاخ نییە؟! چما ئەو بەڕێزانە پێیان وایە کەس نازانێ بۆچی نەفیرعامی کوردکوژی دەردەکەن، بەڵام ئەوەندە دڵتان ناسکە مەرگی هاشم سوڵتان مۆر ناکەن؟! چما نازانین بۆ فایلداران بە چەپڵەڕیزانەوە خەڵات دەکەن؟! مەسەلەکە، مەتەڵێکی ئەوەندەش ئاڵۆز نییە و کلکی بزن قیتە!
ئەگەر تورک ئەو دڕندەیە نەبوایە کە لە هەموو جیهاندا ناسراوون، یا هەر نەبێ نەختێ مرۆڤانە بدوابان، ئاواتم دەخواست بێن و ئەم ئەزموونە لە ئەزەلەوە و بۆ ئەبەد ساوایە لە کۆڵی کورد بکەنەوە! بەڵام دەڵێی چی تورک تورکە و مێژوویەکی خوێناوییان لەگەڵ کورد و ناکورددا هەیە!
ئێمەی کورد ناتوانین بەرگری لە دایکمان، لە شەرەفمان، لە کوردستان بکەین چونکە سەرقافڵەکانمان خۆیان جەردەی قافڵەکەمانن. ناتوانین چونکە بۆ هەژدە کیژی کوردی بە مەلهای عارەب فرۆشراو کرکەمان نەکرد. هیچ ناکەین چونکە بەرگری لە بکوژانی 182000 کورد دەکەین! ڕیسوا خۆمان! ڕیسوا خۆتان! سەرانمان تورکن، عارەبن... ڕێبازمان کوردایەتی نەبێ هەموو شتێکە... تاڵانکردنە، فەلسەفەیە، ژنسالارییە، بازرگانییە، ئیسلامییە، ژنبازییە... هەموو شتێکە کوردایەتی نەبێ و ناوێ هیچیشی لێ نەنراوە کوردایەتی نەبێ! ئەی لەو درۆیە! دڵمان بەوە خۆش دەکەن مردنێکی شەرەفمەندانە دەمرین، بەڵام پێم ناڵێن کەسێ ناشەریفانە و جاشانە و جاسووسانە بژێ، چۆن مەردانە و شەرەفمەندانە دەمرێ؟! ئاخر کێ بیستوویەتی فایلدار و جاسووس مردنی شەریفانە مردبێ؟! نا، مردنیشمان ناشەریفانە دەبێ... زۆریش ناشەریفانە. ئەوانەی شەرەفمەندانە و لە بەرگریکردنی نیشتماندا مردن، نیگاری کوردستانیان لە سەر خوێنی خۆیان نەخشاند و ئێوە ئەو خوێنانە نابینن تا نەخشەکەی سەری ببینن... ئەو خوێنە دەخەنە بن پێتانەوە تا نەیبینن! کێ خوێنی ئەرپە و قەرە محەمەد و شێخ شەهابی لە بیر ماوە؟ کاتێ دەتوانین بەرگری بکەین، بتوانین بە هوویها کۆمپانیا تورکیەکان وەدەرنێین و جاسووسەکانیان ڕیسوا بکەین و هەرچی کەرەسەی تورکی هەیە، بسووتێنین و دنیا پڕ بکەین لە گورگی تورکی عەلەم بەکۆڵ... ڕەمزی تورک. کە وا ناکەین، با

درۆی زلی بەرگریکردنیش نەکەین.. چما بەرگریمان لە سەربڕدراوەکانی زاخۆ و لەتوپەتکراوەکانی کەرکووک کرد؟ هەڵوێستی پەرلەمان سەیرە! لەشکرکێشی ڕەت دەکاتەوە! لەشکرکێشی ڕەت دەکرێتەوە؟ چما پێشنیاری بازرگانییەکی وایان کردووە قازانجی زۆری تێدا نەکەی تا ڕەتی بکەیتەوە؟ تۆ کێی تا ڕەتی بکەیتەوە یا نەکەیتەوە؟ تۆ دەبێ بڵێی پێ بخەنە سەر سنوورەکان لاقتان دەشکێنین!

بەڵام لێپرسراوان پشت بە چی قایم بکەن؟ وەک نووسەرێک دەڵێ: کوردستان بۆ لێپرسراوان بەهەشتە و بۆ خەڵکی کوردستانیش دۆزەخە! کێ بەرگری لە دۆزەخ دەکا؟

عوسمانییەکان بەخێر بێنەوە و گەورەمان دەکەن! بە خێر بێنەوە بۆ ولایەتی موسڵی خۆیان! شەریفترین سیاسەتمەداری ئەمڕۆی کورد، لەوە پتر نییە یەکێ بێ لە سوارەکانی ئۆردوگانی جێگری سوڵتان.

بەڵام نا... ئێستا نۆرەی ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی کوردستانە ڕۆڵی خۆیان ببینن! کاتی دابەستە تێرخۆرەکان و دز و کۆنە بەعسی و فایلدارەکان بە سەرچوو... تورک هاتن. ئەوان لای تورکیان مسۆگەرە بەڵام کۆشکەکانیان کە وەک کۆشکی سوڵتانە تورکەکان پڕن لە کەنیزە و جارییە و کارەکەر و لووسکە و لە دەیان ژوور و هۆڵ و گەرماو و مەلەوانگە پێکهاتوون، لەگەڵیاندا باڵ ناگرن و لە بەر تورک هەڵنایەن و گەرەکیانە وەک کۆشکەکانی سەددام پیشانی دنیا بدرێن! ئەمرۆ نۆرەی پیاوە بە واتا عەشایرییەکەی و پیاو لەو کۆشکانەدا قاتە! تورک، بە خۆیان و مێژوویانەوە... بە خۆیان و بەربەریەتیانەوە بەرێوەن و سوارەکانی حەمیدی بە پێناسەی نوێوە هاتوونەتە مەیدان و ناوی سوارەکانی ئۆردوگانیان لەخۆ ناوە! هاتوون شەرێکی تر، وەک یەکەم شەرِی جیهانی و شەڕی لایەنگری نازی و شەڕی قوبرس بەرپا بکەن و بیدۆڕێنن! ئەمرۆ پەکەکە خەنجەری کوردە و لە هەناویان چەقیقوە بەڵام کوێراییان بەوە داهاتووە کە کوردی باشوور، لەگەڵ ئەو هەموو خیانەت و دزی و فزییەدا کە سەرانی لێیان دەکەن، ژێرچەپۆکەی ئەوان و عارەب نین. کوردی باشوور، کاتی ئەوەیان هاتووە لە شەڕی فیلی تورکدا، لووتی فیلەکانیان، کە بەرەی تورکمانییە، لە کەرکووک ببڕن و بە خۆیان و گورگە گەڕەکانیانەوە بخرێنە زبڵدانەوە. ئەمرۆ کاتی ئەوە هاتووە بە ئەفەندییە کوردەکانی بەغدا بڵێین: وەرنەوە، دەنا ئێوە نوێنەری ئێمە نین! دەسبەرداری بەغدابن با ئاگری خۆی، خۆی بسووتێنێ! وەرنەوە و کوڕی کورد بۆ ئەو نامەردانەی بەغدا بە کوشت مەدەن!

ئێمەی هەژار و ڕەشورووتی کوردستان، لەگەڵ سیاسەتمەداراندا لە یەک گەمیداین و وا گەمییەکە کون دەبێ و پێکەوە نقوم دەبین. داوا لە سەرانی کورد دەکەم: تا درەنگ نەبووە ڕیزەکانتان لەو پۆخڵەواتە پاک بکەنەوە و خۆتان بە لای نەتەوەکەتاندا بشکێننەوە! ئەوانەی بۆ دۆلار دواتان دەکەون، لە لیقەوماندا چاو بۆ شوێنێکی دی دەگێڕن تا بەرژەوەندییان پارێزراو بێ. بەرژەوەندییان، لە کاتی بەعسدا پارێزراو بوو و لە کاتی دەسەڵاتی ئێوەدا پارێزراوتر بوو و لە کاتی هاتنی تورکیشدا هەر پارێزراو دەبێ. بەڵام خەڵکی کوردستان کە لە سای بەعس و سێبەری ئێوەدا هەمیشە زەرەرمەند بوون، بە هاتنی تورکیش زەرەرمەند دەبن بۆیە هەر ئەوان بەرگری لە خاک و وڵات و شەرەفی خۆیان دەکەن! ئەو خەڵکەتان نەبێ، لە هەموو بەهایەک ڕووت دەبنەوە و لەگەڵیشیاندا بن، سەروەرن!

kakaways@hotmail.com